

**وڵاتی من ...   هۆنراوەی شالاو**

**من لە وڵاتێك ڕاهاتووم**
**شیعر وەكو باڵی بەفر**
**لەسەر لوتكەی خەمەكانی ناو دڵمدا**
**هەر دەبارێ..**
**من لە وڵاتێك راهاتووم**
**شیعر وەكو چۆلەكەیەو**
**هەر دەفڕێ و دەجروێنێ لەسەر لق و چل و چرۆی**
**هەموو دارێ...**
**لە نیشتمانی مندا**
**شیعر وەكو ئەستێرەیە**
**هەموو شەوێ چەند دیوانێك هەڵدەڕژێ**
**شیعر لە نێو كونی شمشاڵی شوان دێتە دەرێ**
**بۆ كەمانی هونەرمەندێ دەبێت بە تەل ...**
**بۆ دەنگی ساز**
**دەبێت بەژێ...**

من سەدان جار
لە تاریکی شەوانی ولاَتی با پیرم
هۆنراوەیکی گۆرانییم
کردووە بە مۆم...
سەدان شەوی ساردو سەرمای کرێوەدا
هۆنراوەکانی "هێمن"م
وەکو کەڕکی شوانێکی بناری دێ
لوو لوول داوە لە قەدو بالاَو گیانی خۆم.
لەناو نیشتمانی مندا گەلێك جاران
شیعری "مەحوی"م کردووە بە مەرهەم بۆ برین
بۆ سارێژی پڕ ئێش و ژان
لە رۆژانی برسیەتیمدا
بەسەدان جار شیعری "نالی"م
کردووە بەنان..
www.shallaw.info.se